**فەتوای زانایان لەسەر خۆپیشاندان و ناڕەزای دەربڕین**

**فەتوای شیخ العثیمین رحمه الله**

**خاوەن پرسیارێک : خوای گەورە پاداشتی خێرت بداتەوە خوای گە ورە لە گوناحەکانت خۆش بێت دەربارەی ئەوەی ئەگەر حاکمێک حوکم بکات بە غەیری ئەوەی کە خوا دایبەزاندوە پاشان ڕێگە ی دا یان ڕێگەی دابوو بە هەندێک خەڵک بۆ خۆپیشاندان بەناوی ناڕەزاییەوە لەگەڵ هەندێک مەرج کە حاکمەکە دایدەنێت وە ئەم خەڵکانە لەسەر ئەمە ئەڕۆن وە دەڵێن ئێمە ناڕەزاییمان دژی حاکمەکە دەرنەبڕیوەئەوەش بەبۆچونی ئەو حاکمە دەییکەین.**

**وەڵام:**

**لەسەرتە شوێن سەلەف بکەویت ئەگەر ئەمە لای سەلەف هەیە ئەوە چاکەیە وە ئەگەر ئەمە بونی نیە ئەوە شەڕە ،وە بێگومان خۆپیشاندان شەڕە لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی گەڕەلاوژێیی چ لەلا یەن خۆپیشاندەرانەوە چ لەلایەن ئەوانی ترەوە بێت وە لەوانەیە دەست درێژی کردنە سەر ناموسی خەڵک یان ماڵی خەڵک یان بەدەنی خەڵکی تێدا ڕوبدات لەبەر ئەوەی خەڵک لەکاتی ئەو گەڕەلاوژێیە وەک سەرخۆش وایە نازانێت چی دەڵێت چی دەکات جاخۆپیشاندان هەموی شەڕەئەگەر حاکمەکە ڕێگەت پێ بدات یان نا وە گەر هەندێک لەدەستە ات داران ڕێگەش بدات تەنها بریتیە لە پروپاگەندە وە گەر بگەڕێیتەوە سەر دڵ و دەرونیان ڕقیان لێیەتی ڕقبوونەوەیەکی توند ،بەڵام وا خۆیان پیشان دەدەن وەک خۆیان دەڵێن دیموکراتین وە دەرگای ئازادیان لەسەر خەڵک کردۆتەوە وە ئەمەش ڕێگەی سەلەف نیە.**

**لەم لینکە دا فەتواکە دانراوە بە دەنگی شیخ العثیمین رحمه الله .**

**http://www.zshare.net/audio/5667984793abeb87/**

**فەتوای الشیخ عبد العزیز بن باز رحمه الله**

**پرسیار: ئایا خۆپیشاندانی پیاوان و ژنان دژی حاکمەکان و دەسەڵات داران، دەبێتە وەسیلەیەک لە وەسیلەکانی بانگەوازی کردن، وە ئایا هەر کەسێک بمرێت تێیدا بە شەهید دادەنرێت؟**

**وەڵام : پێم وا نیە خۆپیشاندانی پیاوان و ژنان چارە سەر بێت بەڵکو دەبێتە هۆی فیتنەو دەبێتە هۆی شەڕ دەبێتە هۆی زوڵم کردن وە هەروەها هەندێکیان دەست درێژی دەکەنە سەر یەکتری بە نا حەق.**

**بەڵام هۆکارە شەرعیەکان بریتیە لە نوسین بۆ یان وە ئامۆژگاری کردن وە بانگەوازی کردن بۆچاکە بەڕێیەکی هێمنانە ئەو رێگایانەی ئەهلی علیم گرتویانە وە ئەو ڕێگایانەی کە هاوەڵانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم گرتبوویان وە شوێنکەوتەکانیان بە چاکە بە نوسراو بێت یان بەدەمی قسەیان لەگەڵ بکرێت لەگەڵ ئەمیرو دەستەڵات داران وە پەیوەندی گرتن لەگەڵی وە ئامۆژگاری کردنی یان بە نوسراو بەبێ تەشهیر کردنی لەسەر مینبەرەکاندا بەبێ ئەوەی بوترێت وای کرد یان وای لێوەشایەوە .خوای گەورە یارمەتی دەرە**

**هەروەها فەرموی ڕەحمەتی خوای لێبێت .بەکار هێنانی شێوازی خراپ و توند لە خراپترین هۆکارەکانە بۆ ڕەد کردنەوەی حەق، وە قبوڵ نەکردنی ، وە دەرخستنی گرژی و ئاڵۆزی نانەوە وە ستەم و دوژمنکارێتی و لێدانی لێدەکەوێتەوە دەبێتە هۆی زەرەو دان لەو ڕێگایانەی کە زاناکان بانگەوازی لێوە دەکەن وە خۆپیشاندان دەبێتە شەڕێکی گەورە بۆ سەر بانگەواز کاران . ڕێپێوان و**

هوتاف کێشان ڕێگەیەکی ڕاست نیە بۆ بانگەوازی کردن و چاکردنی خەڵک ، سەردانیان بکەو بۆیان بنوسە بەوەی کە چاکە.

فەتوای دووەمی شیخ العثیمین رحمە اللە

پرسیار کرا لە شێخی پایەبەرز الشیخ العلامة محمد بن عثیمین

پرسیار: ئایا پێت وایە خۆپیشاندان هۆیەکە لە هۆکانی بانگەوازی کردنی شەرعی

فەرموی ڕەحمەتی خوای لێبێت :

الحمد لله رب العالمین وصلی الله علی سیدنا محمد وعلی آله وصحبه وسلم ومن تبعهم بإحسان إلی یوم الدین، أما بعد خۆپیشاندان کارێکی تازەیە نە لە سەردەمی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم وە نە لەسەر دەمی خیلافەتی ڕاشدیندا ، وە نە لەسەردەمی هاوەڵەکاندا ڕەزای خوایان لەسەر بێت هەبوە پاشان تێیدایە گێرەشوێنی و ئاژاوەو گەڕەلاوژێی ئەمەش دەیکات بە کارێکی قەدەغە ،هەروەها شوشەو دەرگای تیدا دەشکێت وە شتی کەش وە ڕودەدات تێیداتێکەڵ بونی پیاوان و ژنان ،وە لاوان بە بەتەمەنەکانەوە .هەروەها خۆچواندن لە مەفسەدەو سەرپێچی . بەڵام دەربارەی فشار خستنە سەر دەوڵەت ،ئەمە ئەگەر دەوڵەتەکە موسوڵمان بێت ئەوەی بەسە کە کیتابی خوا و سونەتی پێغەمبەرەکەی صلی الله علیه وسلم ئامۆژگاری بکات( قورئان سونەت )خێرترین ئەوەیە کە نیشانی موسوڵمانان ئەدرێتەوە ،ئەگەر ئەو حوکومەتە کافر بوو ئەوە گوێ ناداتە ئەوانەی کە خۆپیشاندانیان کردوە با لە ڕوکەشیشا موجامەلەیان بکات وە شەڕەکەی لە ناوەوەیە .لەبەر ئەوە وا دەبینرێت کە خۆپیشاندان کارێکی مونکەرە، وە ئەوەی کە دەڵێن ئەو خۆپیشاندانە ئاشتیانەیە ئەوە لەسەرەتای دەست پێکردنی یان یەکەم جار بۆی هەیە وا بێت پاشان دەبێتە تێک دەرانە وە ئامۆژگاریم بۆ لاوان ئەوەیە دوای ڕێبازی سەلەف بکەون وە خوای باڵا دەست مەدحی ئەنصار و مهاجرین وە مەدحی ئەوانەشی کردوە کە شوێن ئەوان دەکەون لە چاکەدا. تەماشای: الجواب الأبهر لفؤاد سراج، ص75

تێبینی فەتوای زانایانی تر زۆر هەن لەبارەی نادروستی خۆپیشاندان و ناڕەزای دەربڕین و مانگرتن .

وەرگێڕانی باوکی دانا